

# دروستکردنی سەنتەری جوانکاری و چارەسەری دەروونیی ئافرەتانی سووتاو لە مەینەتییەکانیان ڕزگار دەکات

گەرچی خۆسووتاندن و سووتاندنی ئافرەتان و هەموو توندوتیژییەك دەچێتە خانەی تاوان و ئەو تاوانکارییانەش ژمارەیان کەم نییە، بەڵام پێویستە قوربانییانی ئەو کردەوانە هیوایان بۆ بگەڕێتەوە و جارێکی دی بتوانن بە ئاسانی تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە، لە ئێستاشدا ئافرەتان بەهۆی (خۆسووتاندن و سووتاندنیان) ژمارەیەکی زۆریان ڕواڵەت و ڕووخساریان تووشی شێواوی بووە، ئەوەش وایکردووە زیاتر لەکۆمەڵگە بتۆرێن، بۆیە پێشنیار دەکرێ بۆ دروستکردنی سەنتەری جوانکاری و چارسەری دەروونی ئافرەتانی سووتاو کاری بەپەلە بکرێ، بۆ ئەوەی لە مەینەتییەکانیان ڕزگاریان بێت و جارێکی دی دەرفەتی ژیانی ئاساییان پێبدرێتەوە. کۆمەڵناسێکیش جەخت لەوە دەکاتەوە کە ژمارەیەکی زۆری حاڵەتەکانی توندوتیژی بە هۆکاری جیاجیا تۆمار نەکراون، هەموو ئەو قوربانییانەش بەشێکی زۆریان لەژیان ماون و پێویستییان بە چارسەری جوانکاری و دەروونی هەیە، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە وەك مرۆڤی ئاسایی تێکەڵ بە کۆمەڵگە ببنەوە، ئەوەش وەك یەکەم لایەنی بەرپرسیار دەخاتە ئەستۆی حکومەت و داوادەکات دەسەڵاتی جێبەجێکار لەو بوارەدا پڕۆژەی تایبەتی هەبێت.



## دەبێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ئەو فشارە لەسەر حکومەت دروست بکەن

پەرلەمانتار ئامینە زیکری دوو خولە ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە، وەك خۆی باسیکرد، کاتێك لە سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە، یەکێك لەپێشنیارەکانی بۆ حکومەت، کردنەوەی سەنتەرێکی جوانکاری و دەروونی بۆ ئەو ئافرەتانە بووە، کە ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و بەهۆی لێدان و ئەشکەنجە و خۆسووتانەوە، پێویستیان بە چارەسەر دەبێت، گوتیشی: «من بەشبەحاڵی خۆم بە پرۆژەیەکی باش و پێویستی دەزانم کە حکومەت سەنتەری جوانکاری و دەروونی بۆ ئافرەتانی لێقەوماو دروست بکات، بەڵام دەبێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ئەو فشارە لەسەر حکومەت دروست بکەن تاوەکو حکومەت ئەو پرۆژەیە بنێرێتە پەرلەمان، دڵنیام هەرکاتێك ئەو پرۆژەیە بێتە پەرلەمان ئافرەتانی تێکڕای فراکسیۆنەکان ئیشی تێدا دەکەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات پەسەند بکرێت، بەداخەوە لەخولی ڕابردووی پەرلەمان هیچ فراکسیۆن و لیژنەیەك ئەو باسەیان نەخستە خشتەی گفتوگۆکانی پەرلەمان، هۆکاری بەگەڕنەخستنی ئەو پرۆژەیەش بۆ سەرقاڵی و زۆری پرۆژەکان دەگەڕێنمەوە، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا بوونی ئەو سەنتەرە زۆر زەرووره».

## ئاسەواری سووتان پێویستی بە کۆمەڵێك نەشتەرگەریی جوانکاری هەیە

فلامینا وەحید بەرپرسی نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان/ منارە، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «بەگوێرەی کاری ڕۆژانەم زۆر جار بینیومانە کە ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی کە توندوتیژییان دەرهەق دەکرێت، زیاتر ڕووبەڕووی زەربەی دەرەکی و شکستی جەستە و بەتایبەت دەموچاویان دەبنەوە، هەندێك حاڵەت هەبووە، ئافرەتەکە گوێچکەی کەڕ بووە، یان بەهۆی لێدان لووتی شکاوە و هەستی بۆنکردنی لەدەست داوە، ئەوە وێڕای زیانگەیاندن بەچاوەکان و شکانی دەست و قاچ، ئاسەواری سووتانیش هەر باس ناکرێت و چارەسەری بەئاسانی ناکرێت، کە ڕەنگە پێویستی بە کۆمەڵێك نەشتەرگەریی جوانکاری هەبێت، دیارە ئافرەتانی ئێمەش دەخلی ماددییان کەمە و ناتوانن ئەو نەشتەرگەرییانە لەسەر ئەرکی خۆیان ئەنجام بدەن، بۆیە کردنەوەی ئەو سەنتەرە لەلایەن حکومەتەوە باشترین هاوکارییە بۆ ئەو ئافرەتانە و شانبەشانی چارەسەر دەروونی و ئارامکردنەوەیان لەمەڕ بارودۆخەکە کارێکی زۆر پێویست و ڕەوایە، لەوەش گرینگتر ئەوەیە کە بە هەموو لایەکەوە بە ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و میدیاکانەوە هەوڵی ئەوە بدەین کە هۆکارەکانی توندوتیژی بنبڕ بکەین».

## تەنیا کردنەوەی سەنتەر چارەسەر نییە

ئەمەل جەلال ئەندامی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، سەرتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لەداڕشتنی بەرنامە و بەرجەستەکردنی پرۆژەی پێویست بۆ ڕەوشی مافی مرۆڤ و داڕشتنی سیاسەت و ستراتیژیەت بۆ دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان بەرپرسە، هەروەها بەرپرسیارە لە بەدواداچوون و هاوکاریکردنی دامەزراوەکان و بەدواداچوون بۆ پرۆژەکان و چارەسەرکردنی ئەو گرفتانەی کە هەیە، گوتیشی: «گرفتی ئەو ئافرەتانەی کە لەڕێی توندوتیژییەوە باری دەروونی و رواڵەت و رووخساریان تێکدەچێت، تەنیا بە کردنەوەی سەنتەر چارەسەر ناکرێت، بەقەدەر ئەوەی کە دامەزراوەکانی هەرێم بەڕێوەبەرایەتی بەگژداچوونەوەی توندوتیژی بە نموونە هەروەها ئەو شەڵتەرانەی کە داڵدەی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو دەدەن، بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ناوخۆ بە هاوکاری ئەنجومەنی خانمان، گرینگە پێداویستییەکانی چارەسەری ئەو تێچوونە ماددییانەی جوانکاری ئافرەتانی سووتاو فەراهەم بکەین، چونکە لەکوردستاندا بەدەیان سەنتەری جوانکاری هەیە، بەڵام نرخەکانیان خەیاڵییە و هیچ لێقەوماوێك ناتوانێ لەوێ چارەسەری خۆی بکات. بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم

**ئاماری ساڵی ڕابردووی توندوتیژییەکان زیاتر لە ٥٠٠٠ حاڵەت بووە**

**پێشگری زۆر لە چارەسەر باشترەو پێویستە پێش ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن جوانکاری بۆ سووتاوێک بکەین، ڕێگری لە سووتانەکەی بکەین**

**پێویستە حکومەت سەنتەری جوانکاری و دەروونی بۆ ئافرەتانی لێقەوماو دروست بکات**



**دەبێت ڕێکخراوەکانی ئافرەتان ئەو فشارە لەسەر حکومەت دروست بکەن تاوەکو ئەو پرۆژەیە بنێردرێتە پەرلەمان**

و دامەزراوەکانی لەپێناو چارەسەرکردنی لە ڕووی دەروونی، دارایی و یاسایی هاوکاری کەیسی لەم شێوەیە بکەن، ڕەنگە هەموو ئافرەتێك نەگەنە ئەو سەنتەرە، بەڵام ئەگەر ئەمە ببێتە بەشێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی دامەزراوەکان ئەوە کارئاسانی زۆر بۆ ئەو ئافرەتانە دەکات، کە پێویستییان بە چارەسەری جوانکاری هەیە».

ئەمەل ئەوەشی دووپات کردەوە کە «ئەو ئافرەتانە بوونەتە قوربانی توندوتیژی بەردەوام لەژێر باری دەروونی ناهەموار گوزەر دەکەن و بە ئاسانی ناتوانن جارێکی دی تێکەڵی کۆمەڵگە ببنەوە، بۆیە دەبێت حکومەت ئەو دەرفەتیان بۆ بڕەخسێنێت و هەموو ئاسانکارییەکیان بۆ بکات».

**ئەو ئافرەتانەی کە توندوتیژییان دەرهەق دەکرێ، پەنا بۆ ڕێکاری ناتەندروست دەبەن**

گوڵاڵە پشدەری چالاکی مەدەنی و سەرۆکی ڕێکخراوی پەنا بۆ چارەسەری شێرپەنجەی مەمك، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە کاریگەرییە نەرێنییەکانی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە چەند خاڵێکدا کۆدەکرێتەوە، لەوانە: کاریگەری جەستەیی لە کاتی لێدانی ئافرەت، کە شکانی ئێسك و دروستبوونی پەڵە و ئاوسان و گۆڕانی ڕەنگی پێستی لێدەکەوێتەوە، لە ڕووی دەروونیشەوە ئەو ئافرەتانەی کە توندوتیژییان دەرهەق دەکرێ، پەنا بۆ ڕێکاری ناتەندروست دەبەن، کە جگەرەکێشان دەتوانین بە نموونە وەربگرین، هەروەها دوور نییە پەنا بۆ کاری مەترسیدارتر ببەن، وەك خۆکوشتن لە ڕێگەی خۆسووتاندن و ڕێگەکانی دیکەوە، هەر کاتێکیش نەگەیشتن بە چارەسازێك، ئەوا تووشی نەخۆشیی خەمۆکی دەبن، وێڕای ڕوودانی گۆڕانکاری لە هەست و ڕەفتاریاندا، وەك کەسێکی ترسنۆك و بێ ئیرادە کە توانای بڕیاردانیشی نامێنێ، سەرەڕای هەستکردنی بە زەلیلی و ژێردەستەیی پیاو، شانبەشانی یاخی بوون و ڕق و تۆڵەسەندنەوە، ڕەفتارێکی زۆر لەوانە مەترسیدارتری لێدەکەوێتەوە کە هەڕەشە لە نەوەی داهاتوومان دەکات و دەبێتە هۆکارێك بۆ گواستنەوەی ڕەفتاری توندوتیژی بۆ نەوەی نوێ، بۆ نموونە: ژن بۆ خۆخاڵی کردنەوە لە ڕق، لە منداڵەکەی دەدات، یان ئەو قسەی نەشیاوەی کە مێردەکەی پێی گوتووە، ئەو بە منداڵەکەی دەڵێتەوە، واتا رقی خۆی بە منداڵەکەی دەڕژێنێ، کە ئەوەش وادەکات، منداڵەکەش کاتێك گەورە دەبێت، ڕەفتاری توندوتیژی هەبێت.

**هەرکاتێک ئەو پرۆژەیە بێتە پەرلەمان ئافرەتانی تێکڕای فراکسیۆنەکان ئیشی تێدا دەکەن بۆ ئەوەی بە زووترین کات پەسەند بکرێت**

پشدەری لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا دەڵێت: «کاتێ ئافرەت بەهۆی توندوتیژییەوە ڕوخسار و جەستەی عەیبدار دەبێ، خۆی لە چاوی خزم و ناسیاو و دەوروبەرەکەی دەشارێتەوە وێڕای خۆدوورخستنەوە لە کار و پیشەکەی، ئەوەش زیانی ماددی بە دوادا دێت، خۆ ئەگەر ژنی ماڵەوەش بێت، هەر کاریگەری دەبێ کاتێك توانا و تاقەتی خزمەتکردنی ماڵ و منداڵی نابێت، کاتێك ناتوانێ نان و خواردنێکی گەرم بۆ منداڵەکانی ئامادە بکات، دیسان زیانی زۆری بۆ خێزانەکەی دەبێت، سەرەنجامی توندوتیژی دابڕان و لێکترازانی خێزان و زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەیە کە هەر هەموویان زۆریان بۆ شیرازەی خێزانی و کۆمەڵگەش هەیە».

**پێشگری زۆر لە چارەسەر باشترە**

چالاکی مافی مرۆڤ ڕێزان سابیر لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، باسی ئەوە دەکات کە «پێشگری زۆر لە چارەسەر باشترەو پێویستە پێش ئەوەی بیر لەوە بکرێتەوە کە چۆن جوانکاری بۆ سووتاوێك بکەین، ڕێگری لە سووتانەکەی بکەین»، گوتیشی: «قوربانیانی توندوتیژی کەم نین و زیاتر لە چینی هەژاریشن کە پەنایان بۆ خۆسووتاندن بردووە، یان بە سیناریۆیەك سووتێندراون، بۆیە ئەوان شایانی هاوکارین و پێویستە حکومەت ئەوە بکاتە خەمی خۆی و بە کردنەوەی سەنتەری جوانکاری بێ بەرامبەر جوانییەکەیان بۆ بگەڕێنێتەوە«.

**ئافرەتان بەشێوەیەکی گشتی کە توندوتیژییان دەرهەق دەکرێت، زیاتر ڕووبەڕووی زەربەی دەرەکی و شکستی دەموچاویان دەبنەوە**

**ساڵی ڕابردوو توندوتیژییەکان زیاتر لە ٥٠٠٠ حاڵەت بووە**

توێژەری کۆمەڵایەتی ئالان لەشکری کە لە بواری مافەکانی ئافرەتان لە میدیاکانیش کاری بەرچاوی کردووە، باسی ئەوە دەکات کە ئاماری ساڵی ڕابردووی توندوتیژییەکان زیاتر لە ٥٠٠٠ حاڵەت بووە، گوتیشی: «ئەوە تەنیا ئاماری تۆمار کراوە، ژمارەیەکی زۆری حاڵەتەکانی توندوتیژی بە هۆکاری جیاجیا تۆمار نەکراون، هەموو ئەو قوربانییانەش بەشێکی زۆریان لە ژیان ماون و پێویستییان بە چارەسەری جوانکاری و دەروونی هەیە بۆ ئەوەی جارێکی دیکە وەك مرۆڤی ئاسایی تێکەڵ بە بە کۆمەڵگە ببنەوە، ئەوەش وەك یەکەم لایەنی بەرپرسیار دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و دەبێت لەو بوارەدا پرۆژەی تایبەتی هەبێت».

## کۆی ئاماری توندوتیژییەکانی دژی ئافرەتان لەساڵی ٢٠١٣

| شوێن | ساڵ | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢٠١٣ | ٢٨ | ١٥ | ١٠٠ | ٤٦ | ١٥٤٨ | ٨ | ١٧٤٥ |
| دهۆک | ٢٠١٣ | ١١ | ٧ | ٢٥ | ٣٣ | ١٢٢٥ | ٢٨ | ١٣٢٩ |
| سلێمانی | ٢٠١٣ | ٤ | ٨ | ٥٧ | ٢١ | ١١٠٧ | ٧٣ | ١٢٧٠ |
| گەرمیان | ٢٠١٣ | ٦ | ٥ | ٢٥ | ٧ | ٥٠٥ | ٧ | ٥٥٥ |
| ڕاپەڕین | ٢٠١٣ | ١ | ١ | ٢٩ | ٦ | ٤٢٦ | ٢٢ | ٤٠٨ |
| کۆی گشتی | | ٥٠ | ٣٦ | ٢٣٦ | ١١٣ | ٤٨١١ | ١٣٨ | ٥٣٠٧ |

**ئاسەواری سووتان بەئاسانی چارەسەر ناکرێت و ڕەنگە پێویستی بە کۆمەڵێک نەشتەرگەریی جوانکاری هەبێت**

## ئاماری توندوتیژیەکانی دژ بە ئافرەتان لە مانگی (١)ی ساڵی ٢٠١٤

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ٢ | ٠ | ٩ | ٢ | ١٤٨ | ٢ | ١٦٣ |
| دهۆک | ٠ | ٠ | ١ | ٢ | ١٢٣ | ٦ | ١٣٢ |
| سلێمانی | ٠ | ٠ | ٥ | ٠ | ٨١ | ٥ | ٩١ |
| گەرمیان | ٠ | ٠ | ١ | ١ | ٤٣ | ٠ | ٤٥ |
| ڕاپەڕین | ٠ | ٠ | ٣ | ٢ | ٢١ | ١ | ٢٧ |
| سۆران | ١ | ٠ | ٠ | ٠ | ١٢ | ٠ | ١٣ |
| کۆی گشتی | ٣ | ٠ | ١٩ | ٧ | ٤٢٨ | ١٤ | ٤٧١ |

**پێویستە بە هەموو لایەکەوە بە ڕێکخراوەکانی حکوومی و ناحکوومی و میدیاکانەوە هەوڵی ئەوە بدەین کە هۆکارەکانی توندوتیژی بنبڕ بکەین**

## ئاماری توندوتیژییەکانی دژ بە ئافرەتان لە مانگی (٢)ی ساڵی ٢٠١٤

| شوێن | کوشتن | خۆکوشتن | سووتان | خۆسووتاندن | سکاڵا | سێکسی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | ١ | ١ | ٨ | ٤ | ٢٢٠ | ٢ | ٢٣٦ |
| دهۆک | ٢ | ٢ | ٢ | ٤ | ١٠١ | ٢ | ١١٣ |
| سلێمانی | ٠ | ٠ | ٤ | ٢ | ٨٨ | ٦ | ١٠٠ |
| گەرمیان | ٠ | ٠ | ٤ | ٠ | ٦٢ | ٢ | ٦٨ |
| ڕاپەڕین | ٠ | ٠ | ٣ | ٠ | ٢٠ | ١ | ٢٤ |
| سۆران | ٠ | ٠ | ٥ | ٠ | ٦ | ٠ | ١١ |
| کۆی گشتی | ٣ | ٣ | ٢٦ | ١٠ | ٤٩٧ | ١٣ | |

**گرفتی ئەو ئافرەتانەی کە لەڕێی توندوتیژییەوە باری دەروونی و رواڵەت و رووخساریان تێکدەچێت، تەنیا بە کردنەوەی سەنتەر چارەسەر ناکرێت**



**بێگومان هەرێمی کوردستان لە دە ساڵی ڕابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە بینیوە، ئافرەتانیش لەو پەرەسەندنە ئەرێنییەدا ڕۆڵی خۆیان هەبووە و، چ لە دامودەزگە حزبی و حکوومییەکان و چ لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی جێپەنجەیان دیار بووە، بەڵام کەمتر حکومەت مەودای بۆ ڕەخساندوون و لە هەموو کابینەکاندا ژمارەی وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە پەنجەکانی دەست تێنەپەڕیون. گەر سەیری کارنامەی ئەو ئافرەتانەش بکەین کە پۆستی ناوەندی وەك بەڕێوەبەرایەتییەکانیان پێسپێردراوە، دەبینین بەوپەڕی دەستپاکی و کارامەییەوە خاوەن پرۆژە و ئیرادەی بەهێز بوون بۆ جێبەجێکردنی ئەرکی پێسپێردراویان، بۆیە پێشنیار دەکرێ کابینەی نوێی حکومەت ئەو توانا مەندییانەی ئافرەتان لە بەرچاو بگرێت و لە پۆستی بەڕێوەبەراتییەکان بێبەشیان نەکات.**

بەڕێوەبەری ناحیەی دارەشکران جوان ڕەفیق فەتحوڵا، نزیکەی دەساڵە بەڕێوەبەری ناحیەیە، وەك خۆی باسی کرد، لە چەندین شوێنی وەك دارەتوو، قوشتەپە و دارەشکران کاری کردووە، ئێستاش بەڕێوەبەری ناحیەی دارەشکرانە. ئەو خاتوونە لە دەستپێکی قسەکانیدا بۆ گۆڤاری گوڵان دەڵێت: «یەکێك لەسەرەکیترین هۆکارەکانی سەرکەوتنی ئافرەت لە پۆستی بەڕێوەبەرایەتیدا ئەوەیە کە زۆر دڵسۆزانە و بە دەستپاکی و جددییەتەوە کاردەکات، بۆ ئەوەی بتوانێت سەرکەوتوو بێت، بێگومان کاری بەڕێوەبەری ناحیە بۆ ئافرەت پێویستی بە کۆمەڵێك پرەنسیپە، لەوانە پێویستی بەوەیە کە بە بەردەوامی لەناو جەماوەردا بێت، چونکە دەبێت کۆنتاکتی ڕاستەوخۆی لەگەڵ خەڵدا هەبێت، هەموو هاووڵاتیانیش لە هەموو چینەکانەوە بە بەردەوامی سەردانی دەکەن، واتا جیاوازی هەیە لەوەی کە ئافرەتێك وەزیر، یان وەکیل وەزیر، یان بەڕێوەبەری گشتی بێت، بە بەراورد بەوەی کە ئافرەتێك مودیر ناحیە بێت، چونکە بەڕێوەبەری گشتی، یان وەزیر تەنیا نوخبەیەك لە خەڵکی سەردانی دەکەن، کە کێشەکانیان

# لە کوردستان
# خانمانی پلەدار بە ژمارە کەمن
# بەڵام سەرکەوتوون



دیاریکراوە، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیە هەمیشــە دەبێت لەناو کێشەی خەڵکدا بێت و وەك پردێکی پەیوەندی بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵکی کاربکات».

**ئافرەتانی بەرپرس باشــتر لە کێشــەکانی هاووڵاتیان بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی تێدەگەن**

ئــەو بەڕێوەبەرە جەخــت لەوە دەکاتــەوە کە بەهۆی ئەزموونی کارکردنیەوە هەستی بەوە کردووە، ئافرەتانی بەرپرس باشتر لە کێشــەکانی هاووڵاتیان بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی تێدەگەن، گوتیشــی: «هەرچەندە بەبڕوای مــن لەکارکردندا جیــاوازی لە نیوان ژن و پیاودا نییــە، بەڵام ئەوەمان لەیــاد نەچێت، کە زۆر کێشــەی کۆمەڵگە هەیە ئێمەی ئافرەت باشــتر لێی تێدەگەیــن بە بەراورد بە پیــاو، ئەمەش واتە زۆرجار ئەگەر وردبینەوە بەدواداچوونی کێشــەکان پێویستی بەوەیە کە لەمســەیەکی ئافرەتانەی پێوە دیاربێت، بۆ ئەوەی کارەکە وردتر بکرێت، چونکە ئافرەتان خاوەنی ســەلیقەیەکن کە دەتوانن بە وردبینی زیاترەوە کارەکان جێبەجــێ بکەن و ئەوەش زیاتــر خزمەتی هاووڵاتیان دەکات».

**لەسەر ئاستی پارێزگای هەولێر**
**تەنیا دوو خانم بەڕێوەبەری ناحیەن**

جوان رەفیــق ڕەخنە لەوە دەگرێت کە تا ئێســتا تەنیا دوو بەڕێوەبــەری ناحیــەی ئافــرەت لە ســنووری پارێزگای هەولێردا هەیــە، هێما بۆ ئەوەش دەکات کە پیاوانی بەڕێوەبەری ناحیــەکان ڕۆڵێکی جوان دەگێڕن لەپیشــکەوتنی خزمەتگوزاری لــەو ناوچانەدا، بەڵام بەڕێوەبەری ناحیە ئەگەر ئافرەت بێت، زیاتر لە موعانات و گرفتی کۆمەڵگــە دەگات، بۆ نموونە زۆرترین کار دەکات بۆ کردنــەوەی دایەنگە و باخچەی ســاوایان، چونکە خۆی دایکە و هەست بەگرفتی هەموو دایکێك دەکات. گوتیشــی: «ئێمە ناڵێین پیاوان لە کێشــەی کۆمەڵگە تێناگەن، بەڵام ئافرەت باشــتر لە کێشەکانی هەردوو ڕەگەز تێدەگات»

**زۆربەی ستافی**
**بەڕێوەبەرایەتی شارەوانیی سێ لە هەولێر ئافرەتن**

ئەندازیار ئەڤین قادر حەسەن بەڕێوەبەری شارەوانی سێی هەولێر، ســەبارەت بە هەمان پــرس دەڵێت: «بێگومان ئافرەتان لــە سەرپەرشــتیکردن و بەڕێوەبردنی هەموو

**لە کۆی نزیکەی ١٩٠ بەڕێوەبەری شارەوانی تەنها ٨-١٠ خانم سەرۆک شارەوانین**

پۆستەکاندا زۆر بەتوانان، چونکە زۆرتر هەست بە هەموو گرفتەکانی ژیانی تاك دەکەن و دەتوانن باشتر بەسەر گرفتەکاندا زاڵبن. ئافرەتانی کورد مایەی شانازین و لە ئێستاشدا لە هەموو بوارێکدا سەلماندوویانە کە خاوەن توانان و دەتوانن باشترین خزمەت پێشکەش بکەن، لە هەر ئاست و پلەیەکی وەزیفی، ئەوەش زۆر گرنگە، چونکە ئافرەت دایکایەتی و کاری ماڵیشی لە ئەستۆیە. لەمبارەوە سەرۆکی شارەوانی ٣ لەناو شاری هەولێر خۆی بە نموونە دەهێنێتەوە، کە بەڕێوەبەرایەتییەکی خزمەتگوزارییە و هاوڵاتیانی سەردانی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە دەکەن کە زۆربەی کارمەندەکانی ئافرەتن و زۆرترین کاری خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن، گوتیشی: «بەشی زۆری ستافی بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی سێ ئافرەتن وەك براکانیان زۆر چالاکن و بە ڕێکوپێکی کارەکانیان ئەنجام دەدن».

**ئافرەتانی بەرپرس لە ئاستی جیهاندا سەلماندوویانە کە هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە**

### گرنگە ساڵ بەساڵ
### ڕێژەی پۆستی ئافرەتان زیاد بکرێت

لەلای خۆیەوە مافپەروەر مەیادە محەمەد نەجار کە هەڵگری بڕوانامەی ماجستێرە، ئەوەی بۆ گۆڤاری گوڵان شیکردەوە کە زۆریی بەشداریی ئافرەت لە پۆستەکاندا نیشانەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە و گوتی: «ئەگەر ئافرەت زۆرترین پۆستی لە وڵاتێکدا هەبێت، ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە زۆرترین ڕێز لە ئیرادەی مرۆڤایەتی لەو دەوڵەتەدا گیراوە»، بەبڕوای خاتوو مەیادە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان کە خاوەنی بڕوانامەی بەرزن و لە بوارە جیاجیاکاندا کاریان کردووە، کەسانی سەرکەوتوو بوون، گوتیشی: «ئافرەتان بە کارکردن لە دەزگاکانی حکومی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لە حزب و تەنانەت لە پۆستە دیبلۆماسییەکاندا توانی خۆیان سەلماندووە. بەڵام تا ئێستاش بە ڕێژەیەکی زۆر کەم لە پۆستی باڵای حکوومی و حزبیدا دەبینردێن، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کەمترین بوار بۆ ئافرەتان دەڕەخسێنێت کە بتوانن لەو ئاستەدا کاری تێدا بکەن، کۆمەڵگە ئەوەی بەسەر ئافرەتدا سەپاندووە کە زیاتر سەرقاڵی کاروباری ناوماڵ و بەخێوکردنی منداڵ بێت، هەمیشە گوێبیستی ئەوە دەبین کە کاتێك مەدحی کچێك دەکرێت، دەوترێت کابانێکی باشە، واتا کۆمەڵگە تەنیا کاری ناوماڵ بە ئافرەتان ڕەوا دەبینێت» .

**تاوەکو عەقڵییەتی پیاوسالاری و نەریتسالاری چارەسەر نەکەین، ناتوانین هاوکێشەکانی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندیی ئافرەتان بگۆڕین**

ئەو مافپەروەرە ڕایوایە «بە بەراوورد بەو پێشکەوتنەی کە لە کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، بەشداریی ئافرەت لە ئیدارەی وڵات و کایە سیاسییەکاندا زۆر لاوازە»، هۆکارەکەشی زیاتر بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە «هەتا ئەمڕۆ بەشێکی زۆر لە پیاوان ڕێگرن لەوەی هاوسەر، یان کچەکانیان پۆستێك وەربگرن بکەونە بەرچاوی خەڵك، گوتیشی: «ئەو ئافرەتانەی هەوڵیانداوە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بکەن، یان هەوڵی شکاندنی ئەو سانسۆرەی کۆمەڵگەیان داوە ڕووبەڕووی زۆر گرفتی ناهەموار بوونەتەوەو کێشەی جۆراوجۆریان بۆ دروست کراوە».

**بە بەراورد بەو پێشکەوتنەی کە لە کوردستاندا هەستی پێدەکرێت، بەشداریی ئافرەت لە ئیدارەی وڵات و کایە سیاسییەکاندا زۆر لاوازە**

کوێستان ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش (دێگەڵە)، ساڵی (٢٠١٠) لە ناحیەی وەرتی وەك یەکەم ئافرەتی بەڕێوەبەری ناحیەکە دەستبەکار بووە، ماوەی دوو مانگە بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش (دێگەڵە)یە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «ئافرەت دەتوانێت لە هەموو پۆستەکاندا ڕۆڵی کاریگەر ببینێت، چونکە ئافرەت بەسروشتی خۆی کەسێکی بەتوانا و لێهاتووە و زۆر دڵسۆزانە کارەکانی دەکات، گوتیشی: «پێویستە ئافرەتان لە گشت جومگەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا بەشدار بن، واتە پێویستە پۆستە باڵاکان، پۆستە ناوەندییەکان، بەڕێوەبەری بەشەکان و پۆستە ئاساییەکان شوێنپەنجەی ئافرەتی پێوەدیاربێت، نەك تەنیا کارەکانی ئافرەتان لەچەند دەسەڵاتێکی دیاریکراودا کورت بکرێتەوە».



### ئافرەتانی خاوەن پلە لە هەر شوێنێك بووبن خزمەتی زۆریان کردووە

بەڕێوەبەری ناحیەی شۆڕش(دێگەڵە) دووپاتیدەکاتەوە کە «بە بەڵگە سەلمێنراوە ئەو ئافرەتانەی کە بەڕێوەبەری ناحیە، یان بەڕێوەبەری هەر شوێنێك بووبن خزمەتی زۆریان کردووە، چونکە ئافرەت زۆرتر هەست بە ئازارەکانی کۆمەڵگە دەکات»، گوتیشی: «ئافرەتانی بەرپرس بە هزرێکی نەرم و ئافرەتانە بیر دەکەنەوە، بە وردی لە گرفتەکان دەکۆڵنەوە و هەوڵی جدیش بۆ چارەسەرکردنی دەدەن، بۆیە زۆر پێویستە ئافرەت لەهەموو پۆستەکاندا بەشدار بێت، بەتایبەتی

ئەو پۆستانەی کە ڕاستەوخۆ لەناو خەڵکیدان». هێمای بۆ ئەوەش کرد کە پۆستی بەڕێوەبەری ناحیە دەسەڵاتەکانی دیاریکراون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پۆستێکە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژیانی خەڵکیدا پەیوەندی هەیە، ئافرەتیش نەرمتر و جوانتر دەتوانێت ڕۆڵی خۆی تێدا ببینێت، واتە بەڕێوەبەری ناحیە ئەگەر ئافرەت بێت، یان پیاو جیاوازی نییە، بەڵام ئافرەت زیاتر سۆزی هەیە و حەکیمانەتر کاردەکات و زۆرتر لەگەڵ کێشەکان ورد دەبێتەوە، ئەمەش وایکردووە ئەو بەڕێوەبەرە ناحییانەی کە ئافرەتن، زۆر سەرکەوتوو بن، زۆر جار هاوڵاتی کێشەی هەبووە، کە هاتوون بۆلام، زانیویانە من ئافرەتم، زیاتر هەستیان بە ئارامی کردووە و متمانەیان پێم هەبووە، لەبەر ئەوەی خەڵك زیاتر متمانە بە ئافرەت دەکات». بە پێویستیشی زانی «بەشداریی ڕاستەقینە بە ئافرەتان بکرێت و شوێن و پێگەی بەرفراوانیان لەسەر بنەمای تواناکانیان پێبدرێت.

ئەو بەڕێوەبەرە لەکۆتایی قسەکانیدا بۆ گوڵان گوتی:

«من وەك بەڕێوەبەری ناحیە تمووحاتی زۆرم هەیە بۆ گەشەپێدان بە تواناکانی هاولاتیان و گرنگیدان بە پرۆژەکانی منداڵان و گەنجان، بەرنام هەیە پرۆژە بۆ هەموو چین و توێژەکان بە هەردوو رەگەز بکەمەوە، بەتایبەتی ئافرەتان پێویستە گرنگی زۆریان پێبدرێت».



### پێویستە سیستەمێك بۆ پێگەیاندنی کچان هەبێت

لەلای خۆیەوە سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان سۆزان عارف، سەبارەت بە هەمان پرسی ئەم راپۆرتە بۆ گوڵان گوتی:

«ئافرەتانی بەرپرس لە ئاستی جیهاندا سەلماندوویانە کە هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە، بەڵام بەداخەوە هەمیشە لە کۆمەڵگە نەریتییەکاندا بە کوردستانیشە زۆربەی پیاوان ڕێگرن لەوەی کە ئافرەتێکی بەتوانا دروست بێت، کە بتوانێت پۆستێکی ئیداری بەڕێوە ببات، ئەمە بێجگە لەوەی کە کۆمەڵگەی ئێمە هەمیشە ئافرەتانی بەتوانای ڕووبەڕووی گرفت و قەیرانی گەورە کردۆتەوە، بەهۆی ئەوەشە ژمارەیەکی زۆر کەمی ئافرەتان هەوڵی بەدەستهێنانی پۆست و پلە دەدەن، واتە زۆرترین ڕێژەی ئافرەتان دەیانەوێت باوك یان مێردیان ڕازی بکەن و خۆیان لە کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی بەدوور دەگرن، ئافرەتێکیش کە نەتوانێت برەو بەخۆی بدات و خۆی پێش بخات، ناتوانێت پۆستی باڵا وەربگرێت» .

سەرۆکی ڕێکخراوی تواناسازیی ئافرەتان جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە سیستەمێك هەبێت بۆ پێگەیاندنی کچان و هەر لەتەمەنی منداڵییەوە کاریان لەسەر بکات، هەتا بتوانن رۆڵ و پێگەی خۆیان بەهێز بکەن بۆیە دەبینین زۆربەی کچان بۆ ئەوەی کەسوکارییان رازی بکەن و کۆمەڵگەش کێشەیان بۆ دروست نەکات، دەچن دەبن بە مامۆستا، تاوەکو عەقڵییەتی پیاوسالاری و نەریتسالاری چارەسەر نەکەین، ناتوانین هاوکێشەکانی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندیی ئافرەتان بگۆڕین.

**ئافرەتانی بەرپرس بە هزرێکی نەرم و ئافرەتانە بیر دەکەنەوە، بە وردی لە گرفتەکان دەکۆڵنەوە و هەوڵی جددیش بۆ چارەسەرکردنی دەدەن**

**پێویستە بەشداریی ڕاستەقینە بە ئافرەتان بکرێت و شوێن و پێگەی بەرفراوانیان لەسەر بنەمای تواناکانیان پێبدرێت**